# مژدەکانی پێغەمبەر ﷺ بۆ هاوەڵانی ﷺ

**ئامادەکردنی: م/ أبوبکر سیارەیی**

بسم الله الرحمن الرحیم

**الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين ومن تبعهم باحسان الى يوم الدين،وبعد:**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) زۆر مژدەی خۆشی بە هاوەڵانی داوە (ﷺ) لە زۆر بواری جۆراو جۆردا، ئێمە لێرەدا هەندێك لەو مژدانە باس دەکەین سەبارەت بەوەی کە دوائەنجام سەرکەوتن بۆ ئەم ئایینە پیرۆزەیە، لەوانە:

١- سوهەیب(ﷺ) هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) لەژێر دیواری کەعبەدا بوو سکاڵای حاڵی خۆی و سەرجەم موسڵمانانی تری کردو ووتی: (ألا تستنصر لنا، ألا تدعو لنا ربك).

واتە: ئایا داوای سەرکەوتنمان بۆ ناکەی، ئایا ناپاڕێەوە لە خودا رزگارمان بکات.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (إنه ليجاء بأحد من قبلكم فيجعل المنشار من رأسه الى قدمه فيجعله نصفين مايرده ذلك عن دينه)[1].

واتە: لەو کەسانەی کەلە پێش ئێمە هاتوون مشاریان لەسەر سەریان دادەنا هەتا سەروپێ یان لەیەك جیا دەکردنەوە بۆ ئەوەی لە ئایینەکەیان پاش گەز ببنەوە، ئەوان دەکران بەدوو پارچەوە کافر نەدەبوونەوە.

پێغەمبەر(ﷺ) لە کۆتایی قسەکەیدا فەرمووی: (والله لينجو الله هذا الدين حتى يسير الراكب من حضرموت الى العراق لايخاف الا الله والذئب على غنمه؟!)[2].

---

(١) (متفق عليه، وانظر: صحيح سنن أبي داود: ٢٦٤٩).

(٢) (متفق عليه، وانظر: صحيح سنن أبي داود: ٢٦٤٩).

واتە: سوێند بەخودا خوای گەورە ئەم ئایینە سەرکەوتوو دەکات هەتا وای لێ دێت سوار لە حەزرەمەوتەوە دەڕوات بۆ عێراق تەنها لە خودا دەترسێ و پاشان لە گورگ کە زەرەر بە ئاژەڵەکانی بگەیەنێ.

تێبینی: ئەمە ڕووی دا لە کاتی عومەری کوڕی خەتابدا(ﷺ) هەتا دەی فەرموو: دەترسم خودا موحاسەبەم بکات لەوەی کە پیرەژنێك لە ڕێگەدا بکەوێت خودا پێم بڵێت: ئەی عومەر بۆچی ڕێگەت چاك نەکردووە بۆ خەڵك؟!!!

٢- سوراقە(ﷺ) کاتێ شوێنی پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبو بەکری صدیق(ﷺ) کەتبوو بۆ ئەوەی یان بیان کوژێ یان بیان گرێ خەلاتی سەد وشتری قورەیش بۆ خۆی مسۆگەر بکات، لە پاش ئەوەی کە ئەبوو بەکر(ﷺ) زۆر ڕووی دەکردە سوراقەو دەیووت ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەوە سوراقەیە زۆر نزیك بۆتەوە تیری بەدەستەوەیە؟؟؟؟ بەلاّم پێغەمبەر(ﷺ) هەر بەدڵنیاییەوە دەڕۆیشت هیچ حسابی بۆ مەترسی سوراقە نەدەکرد!!

بەلاّم سوراقە زۆری لە ئەسپەکەی کرد بۆ ئەوەی زیاتر نزیك بێتەوە لە پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبو بەکری صدیق(ﷺ) بەلاّم ئەسپەکە فڕێیداو کەوتە خوارێ، داوای لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد کە ئەوان دڵنیا بن لە ئەو کە هیچ زیانێکیان لێ نادا، لە پاش ئەوەی کە هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبو بەکری صدیق، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو: (سوراقە بۆ باوەڕ ناهێنی سوێند بەخوا موڵکو عەرشی کیسرا دەکەوێتە ژێر دەستی ئەم ئوممەتەی منەوە) سوراقە(ﷺ) ووتی: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) من باوەڕم پێ هێنای بەلاّم بپارێزەوە کەمن لەو سوپایە بم کە شەڕی کیسرا دەکات، بەڵێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆی پاڕایەوە.

لەپاشان سوارقە(ﷺ) ووتی: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) نان و ئاوتان بخەمە خزمەت؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: پێویستمان بەنان و ئاو نییە باوەڕی خۆت بشارەوە، وەئەگەر لێیان پرسیت ڕیگەی ئێمەیان لێ هەڵە بکەن..

بەڵێ سوراقە(ﭬ) یەکێك بوو لەوانەی کە عەرشی فارس کەوتە ژێر دەستیان لە کاتی عومەری کوڕی خەتتاب(ﭬ)، واتە ئەم پەیمانی سەرکەوتنەی پێغەمبەر(ﷺ) لەپاش نزیکەی پانزە ساڵ هاتە جێ[٣] ! ! !

٣- لە کاتی هەڵکەندنی خەندەق دا کاتێ هەموو هۆزو خێڵ و تیرەو تایفەکان هاتن و هێرشیان بۆ مەدینە هێنا پێغەمبەر (ﷺ) و یارانی بەتایبەت سەلمانی فارسی(ﭬ) بۆچونیان وابوو کە چاڵێك هەڵ کەنن بە چوار دەوری مەدینەدا بۆ ئەوەی بتوانن بەرەڤانی بکەن لەمەدینە ئەو کەم و کورتی‌یەی گەورەی سنووری مەدینە زۆری دوژمنان کە بریتی بوو زیاتر (٥١) هەزار سەربازو چەك بەدەست توانای شەرکردنیان هەبوو. لە کاتی هەڵکەندنی چاڵەکە موسڵمانان زۆر برسی و ماندوو بوون هێزو توانا و مەعنەویان دەڕوخا بەتایبەت دوو ڕووەکان پاگەندەی زیاد لە حەدیان دەکرد بۆ ئەوەی باوەڕداران هەڵ بێن.

لەو کاتە ناسکەدا بەردێکی زۆر گەورە و سەخت زۆر ئازاری موسڵمانانی دا نە ئەوە بوو بتوانن بیشکێنن، وەنە ئەوەبوو بتوانن هەڵی بکەنن و لە جێی خۆی لایدەن، بۆیە ئەم باسەیان بردە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) سەیریان کرد پێغەمبەر(ﷺ) لەبرسا بەردی لەزگ و گەدەی بەستووە بەپشتێن! !

کاتێ ئەمەی زانی کەو ئەو بەردە ئەوانی هیلاك کردووە داوای پاچێك یان هەرشتێکی کرد کە ئەوان کاری لەسەر دەکەن بۆ هەڵ کۆڵین . دەستی دایە و فەرمووی: (بسم الله) بە ناوی خودا پارچەیەکی گەورەی لێ بۆوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (الله أكبر) گەورەیی هەر بۆ خودایە (أبشروا فتحت كيسرى)[٤].

واتە: مژدەتان پێ دەدەم بەئێوە کە موڵکی کیسری دەکەوێتە ژێر دەستی ئێوە؟! ! !.

لە پاشان جارێکی تر لەبەردەکەیدا بەردەکە پارچە پارچە بوو فەرمووی:

(الله اكبر فتحت كنوز قيصر).

---

(٣) (صحيح البخاري، وانظر: مشكاة المصابيح: ٥٨٦٩).

(٤) فەرموودەکە بەم شێوەیەیە: (بسم الله، الله أكبر أعطيت مفاتح الشام، والله إني لأنظر قصورها الحمر الساعة)، الله أكبر أعطيت فارس، والله إني لأبصر قصر المدائن الأبيض الآن )، (بسم الله، الله أكبر، أعطيت مفاتح اليمن، والله إني لأبصر أبواب صنعاء من مكاني ) سنن النسائي وأحمد في مسنده.

گەورەیی هەر بۆ خودایە سامان و قەیسری قەیسەر دەکەوێتە ژێر دەستی موسڵمان! !
ئەم پەیمان و مژدانەی پێغەمبەر(ﷺ) لەکەی فەرموویەتی؟ !لەو پەڕی لاوازی وهەژاری و هی تر ..قورئان تۆماری کردووە دەفەرمووێت:

﴿وَبَلَغَتِ الْقُلُوبُ الْحَنَاجِرَ وَتَظُنُّونَ بِاللَّهِ الظُّنُونَا﴾ [الأحزاب: ١٠] .

واتە: ئێوە دڵەکانتان هاتبووە ناو قوڕگە کانتانەوە گومانی جۆراو جۆرتان بەخودا دەبرد .

بەڵێ چەند ساڵانێکی کەم بوو هەردوو ئیمپراتۆریێتی زل هێزی ئەو زەمانەیە کەوتنە ژێر دەستی موسڵمانان (کە بریتی بوون لە ئیمپراتۆری ساسانی کەتەمەنی، ئەم ئیمپراتۆریە زیاتر لە هەزار ساڵ بوو! ! !

وە ئیمپراتۆری بێزەنتینی (البزنطية) کە تەمەنی زیاتر لە (٧٠٠) ساڵ بوو، بە ماوەیەکی قیاسی زۆر کەم کەوتە ژێر دەسەڵاتی موسڵمانەوە لەنێوان پەنجا ساڵ تا شەست ساڵ لە کۆچی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ مەدینە ! ! !

٤- پێغەمبەر دەفەرمووێت: (إن الله زوى لي الأرض فرأيت مشارقها ومغربها وإن ملك أمتي سيبلغ مازوى لي منها)[٥].

واتە: خودای گەورە زەوی بۆ نزیك كردمەوە هەتا بینیم خۆرهەڵات و خۆرنیشی زەوی، بەدڵنیاییەوە، پێتان دەڵێم سەروەت و سامان و موڵکی ئوممەتی من دەگاتە ڕۆژ هەڵات و ڕۆژئاوا.

بێ گومان ئیسلام گەیشتە روسیا و ئەوڕپا و ئەندەلوس واسپانیا گەیشتە نیوەکەی تری جیهان کە بریتی بوو لە چین ئیمپراتۆری چین سەرانەی بۆ موسڵمانان دەنارد بەرامبەر ئەوەی کەلەسەر خۆیان بمێنێتەوە ئەمە هێشتا کەمتر بوو لەسەد ساڵ دوای کۆچی پێغەمبەر ! ! !

٥- عەبدوللای کوڕی عومەری کوڕی خەتتاب (ﷺ) دەڵێت: ئێمە لەخزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) بووین لێیان پرسی کام دوو شارە لە پێش ئەوی تریان دێتە باوەشی

(٥) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٣٢/١).

**ئیسلام؟** (أي المدينتين تفتح أولا القسطنطينية او رومية؟ فقال(ﷺ) مدينة هرقل تفتح أولاً يعني قسطنطينية)[٦] .

**فەرمووی شاری قەیسر واتە قستەنتینیە بۆیە یاوەرانی پێغەمبەر(ﷺ) زۆر خۆشحاڵ بوون بۆ ئەوەی بەشداری ئەو خێرە بن کە شاری قەیسەر دەکەوێتە ژێر دەستی موسڵمانان بۆیە کۆمەڵێکی زۆر لەخواناسان وکۆشش کاران بۆ بەرزکردنەوەی ئاڵای ئیسلام لەوێ بەرێکەوتن بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنن بەتایبەتی فەرموودەی تری پێغەمبەر (ﷺ) هەیە کە دەفەرمووێت:** (نعم الأمير أميرها ونعم الجيش جيشها)[٧].

**واتە: باشترین گەورەو سەرکردە سەرکردەی ئەو لەشکرەیە، باشترین لەشکریش ئەو لەشکرەیە کە ئەوێ رزگار دەکات.**

**بەڵام پاش شەرو پیادانێکی زۆر لەیاوەران و تێکۆشەران گیانیان لەدەست دا.**

**ئەبوو ئەیوبی ئەنساریش لەوێ مردو هەر لەنزیکیانەوە ناشتیان.**

**هەر ناو بەناو موسڵمانان خۆیان کۆ دەکردەوە ودەچوون بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنن بەڵام دەگەڕانەوە یان دەکوژران ئەم جەنگانە نزیکەی (٧٠٠) حەوت ساڵی ڕەبەقی خایاند ئەو موسڵمانانەی بەهێزو بازوویەکی ئیمانی و ماددیەوە لە ژێر ئاڵای محمد فاتح دا هاتن بەرەو شاری قستەنتینیە .**

**پاش ئەوەی شەڕ کرا توانرا بۆ دوا جار ڕزگار بکرێت.**

**لە ساڵی (١٤٥٢)ی زاینی کە دەکاتە ٨٥٧ کۆچی پێغەمبەر(ﷺ) ئەم مژدەیەی پێغەمبەر هاتە جێ !!!بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە فەرموودەکەی بەشێکی تری ماوە کە هێشتا نەهاتۆتە جێ و هێشتا موسڵمانان تائێستاش نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی بتوانن ئەوێش رزگار کەن کە بریتیە لە رۆما؟!!!**

**بەڵام ئەوەی جێی دڵنیایی هەر موسڵمانێکە ئەوەیە ئەبێت ئەوەش بێتە جێ بەڵام کەی و چۆن و بەکێ ئەوە خودا دەزانێ؟!!!**

---

(٦) (نفس المصدر).

(٧) رواه أحمد، وضعفه الشيخ الألباني في: (ضعيف الجامع الصغير، رقم: ٤٦٥٥)، و(سلسلة الأحاديث الضعيفة: ٢/ ٢٦٨).

**کەنیسەی ئەوروپا و رۆما**

چاك ئاگایان لەو فەرموودەیە هەیە کە پێغەمبەر وەعدی فەرمووە، چونکە ئەوانیش دەزانن کە پێغەمبەر(ﷺ) ڕاستە وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿يَعْرِفُونَهُ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَاءَهُمْ﴾

[البقرة: ١٤٦] .

واتە: ئەوان پێغەمبەر (ﷺ)دەناسن وەك منداڵەکانی خۆیان دەناسن .

٦–مژدەیەکی تری پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێت: (ليتمن هذا الأمر مابلغ الليل والنهار، ومايترك الله بيت مدر ولا وبر إلا وأدخله هذا الدين بعز عزيز او ذل ذليل)[٨].

واتە: ئەم ئیسلامە دەگاتە ئەو جێ گەیەی کە شەو وڕۆژی پێ گەیشتبێ، هیچ ماڵێك بەجێ ناهێڵی چ لە قوڕ دروست کرابێ یان لە خێوەت واتە: لە موو و خوری دروست کرابێ ئەم ئایینەی دەچێتێ ئینجا یان بە هۆی ئازایی و لیهاتوویی تێ کۆشەران کە دەبنە خاوەن دەسەلآت؟!!

یا بەهۆی کەمی و بێ نرخی ئەوانەوە کە بێ دەسەلآتە ؟!!

بەیەکێك لەم دوو هۆکارە ئەبێ ئیسلام ڕێزو کەرامەت و حورمەتی بۆ بگەڕێتەوە، بێ بڕوایانیش زەلیل و بێ دەسەلآت ببەنەوە.

ئەوەی لەم فەرموودەیە وەردەگیرێ ئەوەیە:

*ئەگەر موسڵمانان خۆیان بەهێزو بازو توانا بوون لە هەموو ڕوویەکەوە ئەوا خودا سەرکەوتن دەنێرێ .

*ئەگەر نا ئەو کات خودا بەهۆی کەسێك لە کافران کەسووك وچرۆکە کارێ دەکات ئیسلام دەبێتەوە خاوەن کەرامەتی جاران.

**وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.**

www.ba8.org

(٨) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٣٢/١).